# شارێک بەدەم باوە ..

ئاراس عەبدولکەریم
arasabdulkerim@hotmail.com

لەوێوە دێمەوە ..
لای وەهمی شینی ئەو پەنجەرەیەی
بە قسەی خۆی، هیچ ئێوارەیەک دەستی نەدەنا
بەڕوویەوە و
قەرار بوو دەمێک بێ، ماڵێکم لە ئاسمان بۆ بگرێ بەکرێ
و
لە تەنیشت ئەستێرەیەکی کشاوەوە شوێنێکم پێ بدات ..

لای وەهمی سەوزی ئەو سنەوبەرەی
بەقسەی خۆی، هیچ وەرزێک خۆی نەدەدا بەدەستەوە و
قەول بوو، دەمێک بێ
لەنێو بارانێکا، بە کاڵیی بمنووسێ و
لە خەیاڵی باخێکا، بە تۆخیی ڕەسممکات ..

لەوێوە دێمەوە
لای قەدەری شارێک
کە لەنێوان لێوە مۆرەکانی غوربەتدا
وەک نیوە سیگارێک،
سەفەرێکی سپی، ڕێ ڕێ ئەیتەکێنێ و

"با" بە "با"، نەفەسی لێ ئەدات ..!

شارێک بەدەم "با"وە؛
وەکو کەشتیەکی نیگەران
سەری خۆی بەهەر ئاوێک ئەسپێرێ
لەنێوان زەحمەتی شەپۆلا ون ئەبێ ..
پەل ئەکوتێ بۆ هەر کەنارێک
تۆزێکی لێ ئەباو تۆزێکی دەرئەکات ..!

شارێکی سەرەخۆر!
هەر وەرزەو
ناوی چرایەک و درەختێک و مەلێکی لە بیر ئەچێتەوە و
هەر ساڵەو
شەقامێک و کۆڵانێک و باخێکی ون ئەکات ..!

لەو شارە سەیرەوە دێمەوە ..
خەنیی لەخۆت، تۆ ئەوێت نەدیوە
بەڵام من هەمیشە ئەوێت بۆ ئەگەڕێم!
تۆ قەت لەوێ نیت و
بەڵام من، هەمیشە لەوێوە سۆراخی سێبەرت ئەکەم و
هەمیشە لەوێوە دێمەوە ..

. . .

تۆ .. ئەی غەریبترین عەشقی دنیا!
ئەگەر ویستت بمدۆزیتەوە؛
هەر شارێکت بینی، بەنێو بارانا پیاسەبکات،
لەژێر چەتری گۆرانییەکدا، سیگارێک پێ بکە و
دووکەڵێک بە کۆڵانەکانیا ڕاوبنێ،
من لەوێم ..

لەوانەیە دووراو دوور
لە هەیئەتی دەستگێڕێکی نیگەراندا بمبینیت!
بەماتی سەیری دەرگای داخراویماڵەکان ئەکەم و
لەژێر لێوەوە هەر بۆڵەم دێ و لۆژەلۆژ مل ئەنێم ..!
ڕەنگە بمبینیت چۆن لە داخا
قوڕئەنێم بەزەنگی سەر دەرگاکانەوە و
بەرسیلەی ماڵەکان ئەدزم و
شەققەلە گڵۆپی دارتیلەکانیان هەڵئەسێنم و
جار جارەش بە دەنگێکی نەشاز، بۆڕەبۆڕ!!
گوایە .... گۆرانی ئەڵێم ...!

ئەگەر ویستت بمدۆزیتەوە؛
لەنێو هەر وەحشەتێکی کاکی بەکاکیدا
هەر هێندەی بەدەستێکت سێبەرێک بۆ تەماشات بکەیت،
لەوانەی دووراو دوور
لە هەیئەتی پێغەمبەرێکی فێ لێهاتوودا بمبینیت!!
ڕەنگە سەیر بێت لەلات، کە چۆن لە عەزرەتا

بەرد ئەگرمە ئاسمانەکان و چنگ ئەکەم بەعەردا!
وەک بڵێی بۆ ئێسک و پڕووسکی ئوممەتە زیندە بە چاڵکراوەکەم بگەڕێم ..!!

ئەگەر بیرت کردم،
من هەمیشە لەوێم
هەمیشە لای ئەو شارە بێ ئێوارەیەم ..!
لای وەهمی شینی ئەو پەنجەرەیەی
قەراربوو هیچ ئاسمانێک درۆی لەگەڵانەکات ..!
لای وەهمی سەوزی ئەو سنەوبەرەی
قەول بوو خۆی تەسلیمی هیچ وەرزێک نەکات ..!

لای وەهمی شارێک
کە هەمیشە لەوێوە بۆ ئەگەڕێم ..

من لەوێم؛
ئەی غەریبترین عەشقی دنیا!
ئەگەر بیرت کردم،
نا، بیری مەکە
ئاخر ئەزانم چەند زەحمەتەلەوێوە بێتەوە!
ئاخر من خۆم "ئەوێ"م ..!!
ئەوێ شارێکە بەدەم "با"وە
خەنی لە خۆت، کە تۆ قەت لەوێ نیت
بەڵام من هەمیشە لەوێوە بۆت ئەگەڕێم و

**هەمیشە لەوێم و**
**هەمیشە لەوێوە دێمەوە ...!!**

. . .